# شەکیلا

# دێتە باشووری کوردستان



تایبـــەت بەمیـــدیا/ کچە گۆرانیبێژی ئێرانی، شەکیلاکە لەباشـــووری کوردســـتان جەماوەرێکی زۆری هەیە، بڕیار وایە لەشەوی جەژنی قوربانی ئەمســـاڵ (٢٠٠٦) لەیـــەکێك لەهۆڵـەکانی شاری ئانتالیای تورکیا کۆنسێرتێك ساز بکات، لەپەیوەندیەکدا سەرچاوەیەکی نزیك لە شەکیلا بە (میدیا)ی ڕاگەیاند کە هونەرمەند شەکیلا بـەنیازە بـۆ کلیـپ کردنـی گۆرانیـــەکی نـــوێی خـــۆی کەکوردییە سەردانی باشووری کوردســـتان بکـات. هـەروەها بڕیار وایە نوێترین ئـەلبوومی خۆی لەچەند مانگی داهاتوودا بڵاو
بکاتەوە کە لەچەند گۆرانیەکی کـــوردی، فارســـیو تـــورکی پێکهاتووە.
شەکیلا لەساڵی ١٩٦٢ لەتاران لەدایکبووەو بچووکترین منداڵی خانەوادەکەیانەو تائێستاش ١١ ئـەلبوومی هەیـەو یەکـەمین ئەلبوومی خۆی لەساڵی ١٩٨٩ بڵاوکردەوە.

وێنە: تایبەت بە میدیا